ئەرشیفی بابەتەکانی فێرگەی هەموو بۆ کوردان

**دروستکردنی کاریگەریەکی جوان بۆ وێنە بە ئامرازی Warp.**

نووسەر: Aso Naderi

@: Aso.Naderi@Gmail.Com

دروستکردنی کاریگەریەکی جوان بۆ وێنە بە ئامرازی Warp.
ئامرازی Warp ئامرازێکە کە لە وەشانی CS2 Photoshop دا زیادکراوە بۆ فۆتۆشۆپ، دەتوانرێ وەك ئامرازێکی زۆر باش و سوودبەخش بەکارببرێت بەتایبەت بۆ وێنەگران.
لەم بابەتەدا هەوڵ دەدەم بە شێوەیەکی ئاسان نموونەیەکی ئاسان لە کاری ئەو ئامرازە شی بکەمەوە، کە بە پێی پێویست دەتوانرێ کاری زۆرتری پێ بکرێت.
بۆ داسەپاندنی کاریگەری ئامرازی Warp لە وێنەیەك سوود دەبینم کە بە کامێرا گیراوە.
فۆتۆشۆپ بکەوە و وێنەیەکیش بکەوە (باشتر وایە وێنەیەکی با کامێرا گیراو بێت بۆ ئەوەی کاریگەریەکە بە جوانی دەرکەوێت).




پاش کردنەوەی وێنەکە، پەنجە بنێ بە هەردوو کلیلی Ctrl و J دا بۆ دروستکردنی چینێکی نوێ لەسەر چینی یەکەمی وێنەکە، هەروەها لە ڕوونووسینەوەی وێنەکە لەو چینەدا.
بە ئامرازی Rectangular Marque Tool بەشێك لە وێنەکە دیاری بکە.




پاش دیاریکردنی بەشێکی وێنەکە، بڕۆ بۆ Edit و دواتر Transform، پاشان Warp.

ئامرازی Warp بنچینەی کاریگەری خۆی لەسەر بەشی د یاریکراوی وێنەکە دەردەخات، هەوڵ بدە بە بردن و هێنانی قەراغەکانی شێوەیەك بخوولقێنە، بۆ نموونە سەیرێکی وێنەی خوارەوە بکە.



پاش تەواو بوون لە شێوەپێدان بە ئەو بەشەی وێنە، پەنجە بنێ بە دووگمەی Enter دا بۆ جێگیرکردنی هەنگاوەکان.
لەهەمان کاتدا کەو ئەو بەشە بە دیاریکراوی ماوتەوە پەنجە بنێ بە هەردوو کلیلی Ctrl و J بۆ دروستکردنی چینێکی نوێ کە ئەو بەشە دیاریکراوەی لە خۆ گرتبێت.
برۆ بۆ Layer پاشان Layer Style لەوێدا Drop Shadow کرتە بکە. وەك وێنەی خوارەوە ڕێکی بخە.




لەهەمان پەنجەرەدا برۆ سەر Inner Glow و وەك وێنەی خوارەوە ئەو بەشەش ڕێك بخە.



بۆ جێبەجێکردنی دواترین هەنگاو لەو پەنجەرەدا، کرتە بکە سەر بەشی Stroke و وەك وێنەی خوارەوە ڕێکی بخە.




لە کۆتاییدا OK کرتە بکە، دەبینی کە کاریگەریەکی وەك ئەوەی خوارەوەی دروست کردووە.



ئەوە تەنیا نموونەیەکی ئاسانە لە چۆنیەتی کارکردنی ئەو ئامرازە کە لە نوێترین وەشانی فۆتۆشۆپ دا زۆرکراوە.
نموونەیەکی دیکە.



کۆتایی.

Dec 2005 01

Make Your Donation Today
Help Rebuild Lives & Communities in Hurricane Affected States.
آگهی های سرویس عمومی گوگل
تبلیغات در این سایت